# ژنراڵەکان و ناتەباییان لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی[1]

**نووسینی: ئێریک رولیۆ**

**ناسری ئەمینژاد لە فارسییەوەکردوویە بە کوردی**

**"ئەحمەد نەجدەت سزار"Ahmed necdet sezer ، سەرکۆماری تورکیە، لەم بەینانەدا فەرمانییێکی دەوڵەتی سەبارەت بە پاکسازی ئیدارە و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی واژۆ نەکرد. ئەم سەربادانە رقی نیزامییەکانی هەڵخراند. "کڤریک ئۆغلو "Kivrikoglu فەرماندەی گشتی دەمودەست پارڵمانی ئاگادار کردەوە کە دەبێ دەسبەجی قانونیک هەر بەو ناوەرۆکەی کە ئەرتەش گەرەکیەتی پەسند بکا. ئەمە یەکێکە و ئاخرین نمونەی ئاشکرا کراوی خۆتێهەڵقورتاندنەکانی ئەرتەشە لە کار و باری سیاسەت و دەوڵەتدا. ئەرتەش خۆی بە تاقە میراتگری راستەقینەی کەمالیسم و جەوهەر و ناخی کەمالیسم دەزانی. ئێسیا (هیزەکانی لایەنگری) کۆمەلگای نانیزامی وردە وردە خەریکە لەو راستییە بگات کە ئەمە ئەرتەش و ئەو دەورەی کە خۆی بۆ خۆی داناوە، هەروەها دەستتیوەردانەکانیەتی کە بۆتە کۆسپێک لە سەر رێگای گەیشتنی تورکیە بە ئوروپا.**

لەم بەینانەدا لە تورکیە بیست ئەفسەری خانەنشین کۆبوونەوە تا لە زنجیرە رێورەسمێکدا چلەمین سالرۆژی "شۆرشی دمۆکراتیك"ی مانگی مای ١٩٦٠یان جێژن بگرن. لە کۆمەڵگای مەدەنیدا ئەمجۆرە رێورەسمانە جێگەی سەرسوڕمانن، بەلام ئەمە

[1] ـ "ئیدگار پاینیلت" بەم وتارەی "ئیریك رولیۆ"دا هاتۆتەوە و کردوویە بە ئالْمانی و لە ژمارەی مانگی سپتامبری ٢٠٠٠ی "لۆمۆند دیپلۆماتیك"(بە زمانی ئالْمانی) لە ژێر ناوی "مل ملانێی نیزامییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی، "پاشا"کان میراتگرانی جێگای پرسیاری کەمالیزم" بڵاوکراوەتەوە. ئەم وتارە لە لایەن بەرێز کاك "ناسری ئێرانپور" کراوە بە فارسی و ئەمنیش لە فارسییەوە کردوومەتە کوردی. پێموایە ئەم وتارە هەرچەند کەموکوڕیشی تێدایە، بەلام گەلێك زانیاری بەسوود بەتایبەت لەسەر سیستەمی ئیدارە و کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی بێئەوپەڕی ئەرتەشی لەخۆگرتوە. رەنگە لەم بابەتەشەوە خراپ نەبێ کە خوێنەری کورد بزانێ کە رۆژنامەوانانی هەندەران چۆن دەروانند گیروگرفتی کۆمەڵگاکانی ئێمە و چۆنی لێکدەدەنەوە. (و.ك)

ژنراڵەکانی وا لێ نەکرد، دەستی لێهەڵبگرن. بە هەر حال رێورەسمەکە وەرێخرا و لە لایەن بڵاوکراوە گشتییەکانیشەوە ئەوەندە گوێی پێنەدرا. رەنگە هۆیەکی بگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئیتر ئەم رێورەسمە زۆر بێتام و وەرزیهێنەر بووبێ، بە جۆرێك کە شتێکی وایان تێدا بەدیی نەکردووە بۆ بڵاوکردنەوە بشێ. ئەم رێورەسمە وەك هەمیشە بوو بە ـ دانانی تاجەگوڵینە لە سەر گۆری ئاتاتورك ـ خوێندنەوەی چەند وتارێکی تاریف ئامێز و پێداهەڵگوتنی پڕ شاتوشوت بە سەر سالانی "پرشنگدار"ی رابردوو، پاشانیش کونفرانسێکی گشتی. شیاوی وتنە کە ئەم کونفرانسە لە لەیەن "نوعمان ئەسین"، ئەفسەری پێشووی ئەرتەش، رێکخرابوو. ناوبراو ئێستا سەرۆکی "دامەزراوەی یاسای بنەڕەتیی١٩٦١"ە و هەر لەم پلەیەشدا بۆتە بازرگانێکی سەرکەوتوو!

تەنیا دەبێ سەری ئەو کەسانە لەم جۆرە شانۆیانە بماسێ کە شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە فەرهەنگی زاڵکراو بە سەر تورکیەدا و دەسەڵاتی بێسنوور و مافە تایبەتیەکانی ئەرتەش لە کۆماری تورکیەدا نیە. ئەم فەرهەنگە بە درێژایی سەدەکانی رابردو، هەر لە کۆنەوە هەتا ئێستا و هەر لە دەورانی عوسمانییەکانەوە شکڵی گرتووە. بەم مانایە دەسەڵاتی راستەقینە هەمیشە لە دەستی نیزامییەکاندا بووە. "پاشا"کانیش بەنۆرەی خۆیان لە ناو بارەگاکانی عوسمانیدا هەر کات ئیرادەیان کردووە، توانیویانە سوڵتانەکان لە نێو بەرن، بیانروخینن یان لانی کەم پاڵیان پێوەنین و وەلایان بخەن. ئەم خۆتێهەڵقورتاندنانەی دوێنێ و ئەمرۆ زۆرتر لە دەوری یەك ئامانج دەگەرێ، ئەویش پاراستنی دەسەڵات و مافە تایبەتییەکانی ئەرتەشە. هەڵبەت ئەم هەنگاوانە جاروبارەش، دیارە زۆر بە دەگمەن، لە مێژوودا تایبەتمەندی پێشرەوانەشی هەبووە.

ئەم دوایەمین "دەگمەنایەتی"یە، دەگەرێتەوە بۆ "مستەفا کەماڵ" کە پاش شەری یەکەمی جیهانی توانی بە یارمەتی بەشێك لە ئەرتەش هێزە داگیرکارەکانی یونانی وەدەربنی و لە ساڵی ١٩٢٣شدا "کۆماری تورکیە" دامەزرێنێ. ئەم کابرایە کە نازناوی

"باوكی توركانی" پێ بەخشرابوو، یەكەم سەرۆكی دەوڵەتێكی تورك بوو كە بە جیدی هەوڵیداوە دەوڵەتی تازە بەرەو نوێخوازی راكێشی.٢

لە دە كەس لە سەركۆمارەكانی تا ئێستای ئەم وڵاتە شەش كەسیان نیزامی بوون. توركیەی پاش كودتای ئەفسەرانی لاو "رادیكاڵ"، لە سالی ١٩٦٠ بەم لاوە شاهیدی زنجیرەیەكی نەپساوە لە پیلان و كودتای نیزامی بووە. ئاخرینی ئەم كودتایانە دەگەرێتەوە بۆ فوریەی سالی ١٩٩٧؛ ئەو كاتەی كە دەستێوەردانەكەیان ناوی " بە دەستەوە گرتنی دەسەلات لە غەیبەوە"ی لێنرا. ئەودەم تەنیا بیست "ئامۆژگاری" نیزامییەكان بەس بوو، تا دەوڵەتی ئیسلامگەرای "نەجمەدین ئەربەكان" وەلابندرێ. هاوزەمان بەشێكی تایبەت لە بلاوكراوە گشتییەكان بەم كارەی ئەرتەشیان هەڵدەگوت. دەستیان كرد بە بەشینەوەی نازناوی "پاشا" بە سەر رێبەران و ئاغاكانیان. هەتا ئەو كات ناوی "پاشا" تەنیا دەدرا بە ژنراڵەكانی ئیمپراتوری عوسمانی.٣

لە هەرحالدا "پاشا"كانی ئەم كۆمارە، جا چ لە باڵی راستەوە هاتبنە سەر شانۆی سیاسەت، یان لە قوژبنی "چەپ"ەوە خۆیان تێخزاندبێ، هەموان بە تێكرا ئالای

٢ ـ ئەو دەربرینە جێگای تێڕامانە، ڕاستییە مێژووییەكان وا نالێن. ڕێبازی گشتی بەرێوەبەریی دەوڵەتی ئاتاتورك لەسەر تواندنەوەی بێبەزەییانە و نەهێشتنی نەتەوەكانی دیكە و زەبروزەنگ و سەركوتی بێبەزەییانەی ناوخۆیی و كپكردنی هەر دەنگێكی ئازادیخواز و حەقویست دامەزرابوو. لەبواری ئابووریشدا پەت بۆ سەرمایەدارییەكی لاورگی ئاوسار پساو شلكرابوو. جینایەتی مێژوویی قڕكردنی ملوێنەها كورد و ئەرمەنی و كەمە نەتەوەكانی دیكە، هەروەها دواكەوتوویی، هەژاری و دەستكورتی، بەرتیلخۆری و فەسادی كۆمەڵایەتی بەرئەنجامی ئەو سیاسەتە بوون كە ئاتاتورك و میراتبەرەكانی تا ئێستاش بە شێلگیری بەرێوەی دەبەن.( و. ك)

٣ ـ بروانە Panayotis Gavras: The role of Militari in Turkish society لە Department of Near Eastern Studies تێزی دوكتۆرا لە زانكۆی Princeton مانگی ئاوریلی ١٩٩٨.



"كەمالیسم"یان بە دەستەوەیە. وشەی كەمالیسم هەر لە كاتی مەرگی "مستەفا كەمال"ەوە(١٩٣٧) هەتا ئێستا هەموو كون و كاژێری توركیەی داگرتووە. ئەم وشەیە بۆتە وەرویركەی دەمی هەموان، لە وتار و هوتاڤە سیاسییەكاندا دەگوترێتەوە، سەركۆمار، نوێنەرانی پارلمان، قازییەكان، كارگێرە پلە بەرزەكانی دەولەت و ...هەمووان دەبێ سوێندی پێبخۆن. ئەم ناوە بە لێشاو لە یاسای بنەڕەتیدا و لە وردە قانونەكانی دیكەشدا هاتووە و دەبێ دەستەواژەی كەمالیزم بەم دەست و بەو دەست بەكار ببردرێ. دەبێ هەر هەڵوێست و هەڵسورانێكی گرینگی سیاسی چ روو بەدەرەوە بێ، یان ناوخۆ، بە جۆرێك بە دیدوبۆچوونی واقعی یان داتاشراوی "باوكی توركان" ببەسترێتەوە و نابێ لەو چوارچێوەیە بترازێ.

## ریزبەندی هێزەكـان

كۆمەڵگای توركیە بە نزیكبوونەوەی كاتی چوونە ناو "یەكیتی ئوروپا"، جموجوڵێكی تازەی تێكەوتووە. ئەویش بە بێ ئەوەی ئەم مەسەلەیە كەوتبێتە بەر سەرنج و هەڵسەنگاندنی ئوروپاییەكان. لە ناو توێژە سیاسییەكانی توركیەدا، لە ناو بڵاوكراوە گشتییەكاندا و لە ناو روناكبیراندا باس و دەمەقەڵەیەك هاتۆتە گۆڕ و خەریكە چەكەرە دەكا و نیشاندەری دژایەتییەكی قووڵە لە نێوان دوو بەرەی "كۆمایخواز" و "دیمكرات". كۆماریخوازەكان دیانەوەی ئەم سیستەمەی حالی حازر بپارێزن. لە حاڵێكدا كە دیمكراتەكان خوازیاری گۆڕانكارین. سەیر ئەوەیە كە هەر دووك لاش لە سەرچاوەی كەمالیزم هەڵدەئێنجن و هەر كام ریوایەتێكی جیای لێ دەگێرنەوە. كۆماریخوازەكان پێیانوایە نەخش و دەوری سیاسی ئەرتەش گرینگترین لایەنی شیاوی سەرنجی كەمالیزمە و دەبێ بە بڕشتانە پێی لەسەر دابگیردرێ. لە حاڵێكدا كە كەمالیزم بۆ دیمكراتەكان دیاردەیەكی مێژووییە كە دەكرێ لە سەر بناخەكەی سیستەمیكی سیاسی وەك ئوروپای رۆژئاوای لە سەر دابمەزرێ. بە تێروانینێكی سەرپێیی بە سەر بارودۆخی ئەمرۆی توركیەدا، بەئاشكرا دەبیندرێ كە بارتەقای هێزەكان بە قازانجی كۆماریخوازەكان قورسە و ئەمان تێیدا باڵادەستن. دەسەڵاتدارەكان ئەوانەی دەسەلاتی بێسنوور و مافی تایبەتییان هەیە، لەم تاقمەن. ئەمانە

بەردەوام بە تەنگ لانەدان لە کەماڵیزم و وشکارۆیی و راستڕەوییەکەی و پاراستنی ئەو میراتەوە هەن کە بە درێژایی سەدەکانی یەك بە دوای یەك بووە بە سوننەتێکی کولتوری و سیستمیکی فکری تایبەت. نیزامییەکان و پاشاکانی ئەمرۆ قازانجی خۆیان لە زیندوو ڕاگرتنی ئەم سوننەتانەدا دەبیننەوە. دیمکراتەکان بە پارێزەوە دەجولێنەوە و لە ناو ریزی خۆیاندا یەکانگیر نین. ئەوانە هەڵوێستێکی دیفاعی‌یان گرتۆتە بەر و هەڵا وگرمەی لە سەر ساز ناکەن، برێکی لە بەر ناچاری و هەندێکیشی بە پێی لێکدانەوە[۴].

لە هەر حالدا ئێستا دیمکراتەکان تەحەمول دەکردرێن و دەکارن بیروبۆچوونەکانی خۆشیان هەلبەت زۆر سەربەستە و بە پارێزەوە لە ناو بڵاوکراوەگشتییەکاندا بڵاو بکەنەوە. لە هەر رۆژنامە، یان ئیزگەیەکی رادیویی یاخود تەلەفزیۆنی‌دا، یەك یان دوو هەواڵنێر و لێکۆڵەری خاوەن بیر و بۆچوونێکی برێك جیاوازتر لە بیروبۆچوونی رەسمی خراونەتە بەرکار. رەنگە بۆ ئەوە بێ کە لانی کەم ئاستێکی دیار لە عەینیگەرایی و واقع بینییان رەچاو کردبێ و بە نمایشیان دانابێ. ئەم هەواڵنێرانە تەنیا بە پاڵپشتی ناو وناوبانگیان و لێزانی خۆیان لە چۆنیەتی راپەراندنی کار و ئەرکەکانیاندایە کە دەتوانن بە بێ ئارەقە دەرچن و خۆ لە گوشار و زەبروزەنگ دەرباز بکەن. هەندێك لەمانە پێکرا لە گەڵ ژمارەیەك لە کەسانی سەر بە زانکۆ و خاوەن پیشەی سەربەخۆ کۆرێکیان پێکهێناوە و لە ژانویەی سالی دووهەزارەوە چەند هەڵسوران و جموجوڵێکیان لە پێناو " یاسای بنەڕەتییەکی مەدەنیدا" دەستپێکردووە. مەبەستی ئەم تاقمە ئەوەیە کە لە ناو کۆمەڵگای تورکیەدا دەرگای باسێك لە سەر "یاسایەکی بنەڕەتی نوێ" بهەژێنن. یاسایەك کە لەسەرەوە رەنگرێژ نەکرابێ. چونکا خەت و نیشانی هەموو یاسا بنەڕەتییەکانی تا ئێستای تورکیە لە لەیەن

۴ - لێکدانەوەکانی نوسەر لە بابەت کەمالیستە بە ناو دیمکراتەکانی ناو دەسەلاتداریی تورکیە دووره لە راستییەوە. ئەوانە تەنانەت بە مانای لیبراڵی ئەمرۆئیشدا تایبەتمەندییەکانی دیمکرات بوونیان نیە. ئەم قسە لێکهەڵبەزینەوەی جاروبارەی باڵەکانی ناو دەوڵەت و دەسەلاتداریی ئەوە ناهێنی کە نوسەر ئەوها خۆشخەیالانە بە باڵای "دیمکرات"ە کاندا بێتەخوار و کیسەیان بۆ هەڵدروێ. (و.ك)



نیزامییەکانەوە دیاری کراوە. لە شوێنە جۆربە جۆرەکانیشدا هەڵمەتێکی پشتگیری کردن لەم کارە شکڵی گرتووە. لاپەڕەی ئینترنیتی ئەم تاقمە تەنیا لە ماوەی سێ مانگدا چل هەزارجار کراوەتەوە.

لە لەیەن هێزەکانی دیکەشەوە، هەندێك جموجوڵی هەر لەم چەشنە، بەڵام بە شێوە و نییەت و مەبەستی جیاوازەوە، هەست پێدەکرێ. "دامەزراوەی یاسای بنەڕەتی ١٩٦١" کە پشتگیری راپەڕینەرانی کودتای سالی ١٩٦١ی لە پشتە، هەوڵدەدات لە رێگای رێکخستنی سمینار، بڵاوکردنەوەی بابەتی جۆربەجۆر و تێوەگلاندنی پارلمان هەوێنێك بۆ لیبرالیزاوی کردنی ئەو یاسایە بدۆزێتەوە. ئەگەرچی باڵی جۆربەجۆری پارێزگاران و ریفۆرمخوازکان قورساییی تایبەتی خۆیان لە"تۆسیاد" سەندیکای خاوەن کارەکانی تورکیەدا هەیە، بەڵام بەوەشەوە ئەم سەندیکایە بەرنامەیەکی ئازایانەی بۆ دیمکراتیزەکردنی تورکیە گەڵاڵە کردووە. ئەم گەڵاڵەیە لە گەڵ پێشوازی گەرمی یەکیتی ئۆروپا بەرەوروو بۆتەوە.

ئەمە شتێکی سروشتی و ئاساییە کە رێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و چاپەمەنییەکانی لایەنگری مافی کوردان بۆ چەسپاندنی دیمکراسی هەوڵ دەدەن، بەڵام سەیر لەوەدایە کە رێکخراوە ئیسلامییەکانیش بۆ ئۆروپایی کردنی تورکیە سنگیان دەرپەڕاندووە. ئێستا لایەنگری ئەوەن کە تورکیە بچێتە ناو یەکیتی ئوروپا. چونکا پێیان وایە کە لە ناو تورکیەیەکی ئوروپاییدا ناکرێ هەروا سوك و ئاسان پێخوست بکرێن. بەمجۆرە دوو مەیل و روانگەی لێك جیاواز لە بازنەیەکی زۆر ئالۆزدا لە هەمبەر یەك وەستاون.

## بۆچی کەمال خۆی"کەمالیست" نەبوو

زۆر هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێت کە "کەماڵیزم" ئیدئۆلۆژییەکی تۆکمە و داکوتراوە. چونکا ئاتاتورك بەر لە هەر شتێك پیاوێکی پراگماتیست بوو. کەمال هەر وەك سیاسەتمەدارێك و لە هەمان حالدا ئارمانخوازێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. نزیك بوونەوە لە دنیای بەرەو پێشچوو ـ ئیلهامی لە مودیل و قەوارەیەکی جیاواز، هەر لە شۆرشی مەزنی فەرانسەوە بگرە هەتا رژیمە پاوانخواز و توتالیتیرەکانی دەورانی خۆی وەردەگرت.

ئەگەر کەماڵ خاوەنی ئیدئۆلۆژییەکی یەکانگیر و بێ ئەملاوئەولا بوایە، جێگرەکانی ئەوها سوکوئاسان چاویان بە هەندێك لەبناخە فیکرییەکانیدا نەدەخشاندەوە. بۆ نمونە: حاکمەکانی ئەمڕۆ سیستمی چەند حیزبییان لە جیاتی سیستمی تاقە حیزبی ئاتاتورك داناوە. یان ئابوری بازاری ئازادیان خستۆتە جیگای سیستمی ئابوری دەوڵەتی و بووجەیی، کە ئاتاتورك ڕەچاوی دەکرد. جێگرەکانی ئاتاتورك ئێستا دیفاع لە مافی کەمایەتی تورك لە شوێنەکانی دەرەوەی تورکیە وەك(قبرس، بولگاریا و یونان و هی‌تر) یان گەلانی موسلمانی بوسنی، کۆسۆئیی و چیچانیەکان دەکەن. لە حالێکدا کە بە پێی پێودانگی کەماڵ نەدەبوو کاری وا کرابا، چونکا گیروگرفت بۆ تورکیە دەنیتەوە[٥] ئاتاتورك بەتایبەت قەدەغەی کردبوو کە نابێ هێچ نیزامییەکی خەریك بە کار خۆی لە کارو باری سیاسییەوە وەربدا. تەنیا ئەوە نەبێ کە بەشداری فەرماندەی گشتی لە کۆبونەوەی شۆرای وەزیرەکاندا ئەمرێکی سروشتی و یاساییە(!)

ئێستا لە تورکیە جێگرەکانی ئاتاتورك بوتێکی باشیان لەم کابرایە تاشیوە. تازە ئەمەش لە حالێکدایە کە بە کەیفی خۆیان بیروبۆچونەکانی ئاتاتورك پاك و پیس دەکەن و بە بۆچوونی خۆیان چی کۆن و باونەماوە تووڕی هەڵدەدەن. بەمجۆرە نیزامییەکان کەماڵیزمیان لە هەسان داوە و قەوارەیەکی فیکری و دەلەتییان لێ ساغ کردۆتەوە و حەقی هەر جۆرە شەرح و لێکدانەوەشیان تەنیا بۆخۆیان داناوە. ئەمانە بەم چەکەوە دەتوانن بە ئارەزوی خۆیان شکڵ و قەوارەی حکومەت بگۆڕن و هەر لەم ڕێگایەشەوە سیاسەتەکانی خۆیان تیئۆریزە دەکەن و دەیقەبڵێنن. هەر کەسێکیش لەم ڕێڕەوەدا ببێتە کۆسپ، بە سەختی دەکەوێتە بەر تیری سزا لێوەرگرتنەوە. بەمجۆرە ئەمانە هاتوون فکرەیەکی سادە دارێژراوی

٥ . کەمالیسمی کۆن و نوێ هەتا ناخی ئێسك کۆنەپەرستانە، دواکەوتووانە و دیکتاتۆرانەیە. کەمال ئاتاتورك و درێژەدەرانی ڕێگاکەی بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی شۆڤینیستانە نەخشەی زیانبارترین سیاسەتیان نەك هەر بۆ کورد و کەمەنەتەوەییەکانی دیکە بەڵکو بۆ کۆمەڵگای دەیان میلیۆنی تورکیش داڕشتووە کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. (و.ك)



ئاتاتورکیان بۆ کۆمەڵگا کردۆتە حەقیقەتیکی ڕەهای بێ‌ئەملاولا. کاکڵەی ئەم قەوارە فکرییە بریتییە لە:"تەواویەتی ئەرزی، یەکێتی و یەکانگیری نەتەوە و کۆماری لائیك." ئەمانە خۆی لە خۆیاندا نادروست نین[٦] بەلام گرێ لەوەدایە کە ئەرتەش تەنیا خۆی بە پارێزەری ئەم ئەرزشانە و خاوەن ماف لە شیکردنەوەیان دەزانی.

ئەم ڕاستییەی کە نیزامییەکان پێ لە سەر نەخشی خۆیان دادەگرن، بەر لە هەرشت نیشاندەری بوونی کاستێکی حکومەتییە کە نایەوی مافە تایبەتییەکانی خۆی لە دەستبدات[٧]. ئەمانە هەر لە تافی لاوێتییەوە دەکەونە ناو ئەم پێگە و پلە بەرزترەوە. ئەو کەسانەی نیزامیگەری وەك پیشە هەڵدەبژیرن دەبێ بەر لە هەر شتێك لە پاڵاوتنێکی زۆر ئەستەمدا دەربچن، پاشان لە مەدرەسەیەکدا کە هی خودی ئەرتەشە لە باری بۆچوون و کردەوە پەروەردە دەکرین. نەوع و ناوەرۆکی دەرسەکان و بەرنامەی فێرکردنەکانی ئەم شوێنانە ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەرتەشەوە دادەرێژرێ و بەرێوەدەچێ. ئەم شوێنانە بە هیچ جۆر کونترۆڵ و چاوەدێری وەزارەتی پەروەردە و بارهێنانی بەسەرەوە نیە. لەم زانکۆ ئەفسەرییانەدا جگە لە کاروباری نیزامی، مێژوو، زانستەکانی ئابوری و کۆمەڵناسیشی

٦ـ "تەواویەتی ئەرزی" ئەو کۆتەڵە بە پیرۆزکراوەیە کە هەتا ئێستاش دەیان ملیۆنی بۆ کراوەتە دەستەچیلەی ئاگر، تەنیا بۆ ئەوەی ئینسانەکان ناچار بکرێن بە پێچەوانەی حەز و ئارەزوی خۆیان قەتیس بکرێن . چ شتێکی ڕاست لەوەدایە و کوێی دیمکراتانەیە نازانم! (و.ك)

٧ . بڕواننە Mehmet Ali Birand: Shirts auf Stee . An Anatomy of turrkish Armed Forces لەندەن، سالی ١٩٩١. ئەم کتێبەی "بیراند" لە نەوعی خۆێدا بێ‌هاوتایە. ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکە لە سەر ئەرتەش و چەندها چاوپێکەوتن لە گەڵ نیزامییەکانی ـ لە پلەی جۆربەجۆر ـ لەخۆگرتووە. ئەم چاو پێکەوتنانە پێشتر ئیجازەی "ناوەندی فەرماندەهی ئەرتەش"ی لەسەر بووە و بڵاوکردنەوەکەشی بەسترابووەوە بە قرتاندن و لە بێژنگدانی چەند بەشێکی ئەو چاوپێکەوتنانە. بەڵام دواتر "بیراند" کتێبەکەی خۆی بە بێ قرتاندن و هەڵاواردن بڵاو کردەوە. هەر بەم بۆنەشەوە کەوتە بەر غەزەب و ڕقی نیزامییەکان کە هێشتاش بەردەوامە.

تێدا دەگوترێتەوە. لە گەڵ ئەوەشدا ئیمکانیان دەدرێتێ بە پێخۆشبوونی خۆیان زمانێکی بێگانەش بۆ فێربون هەڵبژێرن.

مانگانەی ئەفسەرانی خەریك بە کار لە مانگانەی کارمەندە هاو پلەکانی خۆیان ـ لە بەشی دەوڵەتی ـ گەلێك پترە. هەروەها نیزامییەکان ئیمکانی ئەوەیان هەیە لە فرۆشگەکانی ئەرتەشدا زۆر بە هەرزانتر پێداویستییەکانیان بکڕن. جگە لەمەش دەتوانن بۆ کڕینی خانوبەرە زۆر بە هەرزانتر پارەی قەرز وەربگرن و دەتوانن لە شوێنەکانی خۆش ڕابوێری و حەسانەوە، هوتێلەکان، کلوپ و یانە تایبەتییەکان بۆ ڕابواردن، جێگا دیاری بکەن و کەڵکی لێوەربگرن. ئەمە لە باری مادییەوە، لە باری سیاسیشەوە یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٩٨٢ کە ئێستاش ڕەواجی هەیە و کاری پێدەکرێ، بەجۆرێك داڕێژراوە کە دەسەڵاتی سیاسی نیزامیەکان دیاری و دەستەبەر بکات. هەر لەم پێوەندییەدا "شۆرای ئەمنییەتی نەتەوەیی" سازکراوە کە مانگی جارێك دانیشتنی هەیە. ئەم ئۆرگانە دە ئەندامی هەیە کە پێنجیان نیزامین٨. زۆرێك ناوی کابینەی دوهەمیان لە سەر ئەم ناوەندە ـ لە بەر دەسەلاتی لە ڕادەبەدەر و دەستێوەردانە بەردەوامەکانی ـ داناوە. ئەم ناوەندە لە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ئەمنییەتی نەتەوەیی "ڕێنوێنی و ئامۆژگاری" بۆ دەولەت بەڕێ دەکات، کە لە واقعدا حوکمی لە گەرانەوە نەهاتوون. ئەم بە ناو ئەمنییەتی نەتەوەییە، هەر وەك لەم بەینەدا فەرماندەی گشتی هێزەکان پێی لە سەر داگرتەوە، هەمو ئەو کێشانە دەگرێتەوە کە

٨ ـ ئەندامە نیزامییەکان بریتین لە: فەرماندەی گشتی هێزەکان، فەرماندەی هێزەکانی زەوینی، دەریایی و هەوایی و جەندرمە. هەروەها ژنراڵێك کە ئەرکی سکرتێری شۆڕای لە ئەستۆیە. ئەندامە نانیزامییەکانیش بریتین لە: سەرکۆمار، سەرۆك وەزیران، وەزیرەکانی بەرگری، ناوخۆ و دەرەوە. هەرچەند سکرتێری گشتی مافی دەنگدانی نیە و کاتێ دەنگەکان بەقەدەر یەك بن دەنگی سەرکۆمار ـ وەك سەرۆکی شۆڕا ـ بڕیاردەرە، بەلام لە ڕاستیدا هەر نیزامییەکان تێیدا باڵادەستن. لەم بەینانەدا "کوروك ئوغلو" فەرماندەی گشتی هێزەکان ڕایگەیاند کە ئەرتەش تەنانەت دەتوانێ ئەندامەتی ١٠٠ کەسی نانیزامیش لە "شۆڕای ئەمنییەتی نەتەوەیی" قبوڵ بکات. چونکا بڕیارەکان نەك لە سەر ویستی زۆرینە بەڵکو بە پێی پێك گەیشتن دەدرێن.



پێوەندییان بە بەرژەوەندیی گشتییەوە هەیە، جا چ لە مەیدانی سیاسەتی ناوخۆدا بێ یان لە گۆڕەپانی سیاسەتی دەرەوەدا٩. شیاوی گوتنە کە باس و دەمەقاڵەکانی ناو ئەم شۆرایە، تەنانەت زۆرجار بڕیارەکانیشی بەرووەوە نین و دەشاردرێنەوە. زۆرجاریش کە تەقەڵەکان وەدەردەکەون بەرگی "ئامۆژگاری و وەبیرهێنانەوە"ی دەبەر دەکردرێ. بۆ نمونە ئەو کاتەی کە «نەجمەدین ئەربەکان» بەڕێ کرا هەتا "ئامۆژگاری و ڕاسپاردە"کانی شۆرای ئەمنییەتی نەتەوەیی بۆ پارلەمان بخوینیتەوە، دیار بوو کە بڕیاری وەلاخرانی «ئەربەکان» لە گەرانەوە نەهاتووە. سەیریش ئەوەیە کە خۆشی ئەو کات وای دەنواند کە گۆیا هەستی بە لە سەر کار لەبرانی خۆی نەکردەوە. دەبێ لە بیری چووبێتەوە کە لە سەردەمی ئیمپراتوری عوسمانیدا ئەم وەلاخستنانە بە چ دابودەستورێك بەڕێوە دەچوو، ئەو دەمی کە ڕۆژەکانی کۆتایی هاتنی دەسەلەتداریەتی سوڵتانیك نیزیك دەبووەوە، سەرکردە نیزامییەکان وایان ڕێکدەخست کە جەنابی سوڵتان چاوی بە مەنجەڵی سەرەونخون کەوتبا، سوڵتانی پەڕوپۆ هەڵکەندراو بەمجۆرە خێرا هەستی بە ڕامالدرانی خۆی دەکرد.

سەرەرای ئەو شتانەی کە باسکرا، یاسای بنەڕەتی ئەمڕۆی تورکیە دەسەلاتێکی وەهای بە نیزامییەکان بەخشیوە کەعەقڵ نایبڕێ و بە ئایەرەی هیچ نیزامێکی دیموکراتیك ناپێورێ١٠. بۆ نمونە: فەرماندەی گشتی هێزەکان لە بازنەی دەسەلاتدا لە سەروو وەزیری بەرگری و ئەندامانی دیکەی کابینەدا جێی گرتووە. لە باری پلەی دەوڵەتییەوە دوای سەرۆك وەزیران دێت و لەو جێگایانەش کە بڕیاری ئەستەم و گرینگ دەدرێ، لە سەرۆکوەزیریش لە پێشترە. هەروەها ئەم ئەرکانە لە بازنەی دەسەلاتی فەرماندەی گشتی

٩ـ لۆس ئانجلێس تایمز ٩ی مانگی مارسی ٢٠٠٠

١٠ـ بڕوانە Umit Sakallioglu: The Anatomy of the Turkish Militarys Autonomy لە Comparative Politics بەرگی ٢٩ ژمارەی ٢ی ساڵی ١٩٩٧. نوسەری ناوبراو لە زانکۆی "بیلکەند"ی ئانکارا پرۆفسۆرە.

دان: ـ دیاری کردن و بەرزکردنەوەی پلەی نیزامییەکان ـ پاراستنی ئەمنییەتی ناوخۆ و دەرەوەی ولەت، ـ دیاری کردن و داڕشتنی سیاسەتی بەرگری و بڕیاردان لە بابەت بەرهەمهێنان و کڕینی چەکوچۆڵ. لێرەشدا خەرج و موخارج و هەزینەکانی ئاشکرا ناکردرێ. هەر بەم بۆنەوە جێگای سەرسووڕمان نیە کە خەڵك دەبێ لە زمانی گۆڤاری Defense week ژمارەی ١٤١ مانگی فوریەی ساڵی ٢٠٠٠ەوە ببیسن کە بۆ دە ساڵی داهاتوو حەفتا میلیارد دۆلار تەرخان کراوە تا هێزەکانی ئەرتەش پۆشتە و نۆێبکرێتەوە. ئەمە ئۆینێکی تازە نیە، هەر لە کۆنەوە وا باو بووە کە پارلەمانی تورکیە بە بێ هیچ دەمەقرە و قسەلێکردنێك، دان بە گەلاڵەی بووجەی رواڵەتیی داواکاوی ئەرتەشدا دەنێ و هیچ شتێکیش لە وردەکاییەکانی بۆ خەڵك نادرکێندرێ، ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەشێکی زۆری داهاتی گشتیش قووت دەدات. پارلمانچییەکان لەم بابەتەوە نەك هەر هیچ نقەیەکیان لێ نایەت، بەڵکو بە لێشاویش پیرۆزبایی و شوکرانەبژێری بۆ فەرماندەی گشتی بەرێ دەکەن.

جگە لەو شتانەی لە سەرەوە باسکران، بنکەی سەرکردایەتی ئەرتەش بە پێی یاسای بنەڕەتی بۆی هەیە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە سەر کاروباری زانکۆکان و بەشە گرینگەکانی قەزاییدا ڕابگا و کۆنترۆڵیان بکات. دادگای ئەمنییەتیی کە تا بەینێك لەمەو پێش نیزامییە پلە بەرزەکان بە شدارییان تێدادەکرد بە سەر ئەو "تاوانانە"دا رادەگەیشت کە دەگەڕایەوە بۆ مەسەلەی سیاسی و دەربڕینی بیروڕا. هەر ئەمانیش خۆیان پەتی قەزاوەت و جەزایان بە دەست بوو.

نوێنەرانی پارلەمان، مامۆستاکانی زانکۆ، دادئەستێن، دادوەر و وەکیلەکان هەموو بە تێکڕا ناچارن ئەو بازنە تەنگ و بەرتەسکە لە ئازادییە مەدەنییەکان و روونکردنەوەکانی لە مەڕ ئەم بابەتە قبول بکەن و پێیان باش بێت، کە لە پێشەکی یاسای بنەڕەتیدا بەمجۆرە هاتووە : "هەموو ئەو بیروبۆچوون و بەیان و رادەربڕینانەی کە بە پێچەوانەی بەرژەوەندی نەتەوەیی تورکیە بێت...لە دژی سوننەت و ئەرزشە مەعنەوییەکانی گەلی تورك بێ، یان لە گەڵ بنەماکان و ریفۆرمەکانی ئاتاتورکدا ناتەبا بن...پشتگیری قانونییان لێناکردرێ".



ئەم بنەمایانە لە بەشی سێهەمی یاسای بنەڕەتیدا بڕێك زۆرتر، هەڵبەت نەك وردتر، بەمجۆرە ناودێر کراون: "دابڕ نەبوونی ولات، سەربەخۆیی نەتەوەیی، نەزمی تێکڕایی، بەرژەوەند و قازانجی گشتی و دابونەریت و یاسای ئاك !! و باشتربوونی ژیانی گشتی" لە بەشی ١٤ی ئەم قانونەدا زیاتر پێی لێ راکێشراوە و رایگەیاندراوە کە کەڵك وەرگرتنی نابەجێ لە ماف و ئازادییەکان قەدەغەیە، تەنانەت ئەوانەشی کە لە خودی یاساکاندا دانیان پێدا نراوە. بەمجۆرە دەبێندرێ کە ئینسانەکان لەم چوارچێوەیەدا نەك هەر لە بەر ئاکار و کرگارەکانیان بەڵکو تەنانەت لە بەر دەربڕینی بیروباوەر و ئەو بۆچونانەی کە " ژاراوی" لێکدەدرێتەوە، تاوانبار دەکرێن و سزا دەدرێن. تەنانەت لەبەشی سێزدەشدا هاتووە کە: "سەرۆکایەتی زانکۆکان ئیجازەیان نیە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە و بابەتە زانستییانە بڵاو بکەنەوە کە لەگەڵ جەوهەری بنەماکان یەك ناگرنەوە"[11] جگە لە یاسای بنەڕەتی، لە ناو یاساکانی دیکەشدا ـ ئەوانەشیان کە پاش ساڵی ١٩٨٢ تەسویب کراون ـ وەك یاساکانی هەڵبژاردن، حیزبەکان و هەروەها یاساکانی لەمەڕ دامەزراوە پیشەیی‌یەکان، ئەم بەرتەسککردنەوە دەبیندرێ.

بڕوە و دەسەلاتی سیاسی "پاشا"کان ، لە دەسەلاتی ئابورییانەوە سەرچاوە دەگری[12] ئەرتەش خاوەنی کۆنسێرنێکی گەورەی شەریکەبەشییە کە دەیان لقوپۆی دیکەی لێدەبێتەوە. ئەم کونسێرنە "ئۆیاك"ی ناوە و لە سەریەك خاوەنی ٣٠ شەریکەی جۆربەجۆر لە بەشەکانی پیشەسازی، هەناردن (صادرات) و بازرگانییە. ئەم کۆنسێرنە گۆڕەپانێکی گەورەی بۆ هەڵسورانی ئابوری هەر لە سەنعەتی ماشین سازی، بەرهەمهێنانی سیمان،

١١ ـ کەوا بوو جێگای سەرسوڕمان نیە، ئەگەر هیچ بەرهەمێکی تێروتەسەلی زانستی و هیچ تێزێکی دوکتۆرا لە بابەت دەور و پێگەی ئەرتەش لە تورکیە شك پێناکرێ کە لە لایەن تورکەکانەوە نوسرابێ. ئەم بۆشاییە لە بەر لێڵ بوون و ئاڵۆزی ئەم بابەتە نەخوڵقاوە بەڵکو هۆیەکەی بەر لە هەرشتێك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییەی کە لێکۆڵەرەکان ناوێرن دەست بۆ کارێکی وا ببەن.

١٢ بڕوانە Taha Parla: Mercantile militarism in Turkey ١٩٨٠/ ١٩٩٨ new . Perspectives on Turkey ، ئیستانبول، پاییزی ساڵی ١٩٩٨.

نەوت وکەلوپەلی شیمیایی، توریسم و سیاحەتەوە بگرە هەتا بانکەکان، بیمەکان، کرین و فرۆشی زەوی، سوپرمارکتی زنجیرەیی و تکنۆلۆژی نوێی لە بەردەستدایە. لەم زنجیرەیەدا نزیکەی ۳۰هەزار کەس خەریك بەکارن. تازە هێشتا شەریکە هاوبەشەکانیشمان بە حساب نەهێناون . لەم دەستەیەشدا بەناوبانگترینیان شەریکەی "رنو. ئۆیاك"ە کە هەر خۆی سالانە ۱۶۰هەزار ماشین بەرهەم دەهێنێ.۱۳ "ئۆیاك" لە ریزی سێ یان چوارەمین کۆنسێرنی گەورەی تورکیە دایە و سەرمایەیەکی یەکجار قەبەی بەدەستەوەیە و نەخشێکی بەرچاو لە ئابوری نەتەوەیی ئەم ولاتەدا دەگێرێ. سەرمایەی "ئۆیاك" لە پارەی لەسەتا دەی مانگانەی خانەنشینی کارگێر و فەرمانبەرەکانی ئەرتەش و داهاتی شەریکەکانی "ئۆیاك" کەڵەکە کراوە. قسە لەوە دەکرێ کە ئەم شەریکانە پڕ قازانجترین شەریکەکانی تورکیەن. ئەمە جێگای سەرسوورمان نیە، لەوەوە هاتووە کە " ئۆیاك" قەت هیچ باج و سەرانەیەك بە دەوڵەت نادات. رەقیبەکانی "ئۆیاك" لە بەشی تایبەتیدا ناوی "ملبەملەی نابەرامبەر و نالەبار"یان لەسەر داناوە. شیاوی گوتنە کە سەرمایەی قەبە لەم بابەتەوە خۆی کرومات کردووە و فزەی دەرنایەت چونکا لە راستیدا "ئۆیاك" لەم مامەڵە پر قازانجانەدا ئەوانیشی لە بەر دوو هۆ تێوەگلاندووە و بەشیان دەدات. ۱. قازانجی خۆشی لەوەدایە کە وا بکات. ۲. بە هۆی تاکتیکی.

پرۆفسۆر "تەها پارلە" لە زانکۆی "بسپۆرس"ی ئێستانبول لە لێکۆڵینەوەکانیدا بۆی دەرکەوت کە پرداهاتترین شەریکەکانی تورکیە ئەوانەن کە لە گەڵ "ئۆیاك"دا خۆیان کردۆتە شەریك. وەك کۆنسێرنی خانەوادەکانی "کۆج" و " ساباجی" کە لە بەشەکانی پیشەسازی و بازرگانیدا دەسەڵاتدار و پێشقافڵەن. هەروەها شەریکەی "تاشکەند"ی زرکوری بانکەکانە.

۱۳ ـ ئۆیاك(Oyak)کورتکراوەی "Ordu Yardumalasma Kurumu" یە واتە سندوقی خانەنشینی هێزە نیزامییەکان ... ئەم شەریکە لە ژانویەی سالی۱۹۶۱ لە لایەن نیزامییەکانەوە پێکهات، کە سێ مانگ دواتر بە کودتایەك دەسەلاتیان بە دەستەوەگرت. ئۆیاك بە تایبەت پاش لیبرالیزە کردنی ئابوری تورکیە لە سالەکانی دوای کودتای سالی ۱۹۸۱ بە تەواوی لە بوارەکانی پیشەسازی و بازرگانیدا پەرەی ساند.



لەناو تێکرای ئەم شەریکە هاوبەش و تێکهەڵکێشکراوانەدا ئەفسەرانی خانەنشین بەکارگیراون و پلەیان دراوەتێ و لە "شۆرای چاوەدێری"دا جێگایان بۆ کراوەتەوە و لە باری مادییەوە دابین دەکرێن. ئەم دەمچەورکردنە لە لایەکەوە لە بەر ئەوەیە تۆڵەیان بۆ بکەنەوە و لە لایەکی دیکەش دەیانهەوێ لەم رێگایەوە دەرگای پێوەندییەکانیان لە گەڵ ئەفسەرە کاربەدەستەکانیش ئاوەڵا بهێڵنەوە.

بەمجۆرە بەرەیەکی قایمی سی کوچکەیی لە نێوان نیزامییە پلەبەرزەکان، سەرمایەی گەورەی ناوخۆ و دەرەوە، هەروەها سیستمی ئیدارەی تورکیە لە گۆرێ دایە. هەر ئەمانەش سێ بنەمای سەرەکی کۆنسیرنی "ئۆیاك" پێكدەهێنن. لە تەنیشت ئەم بنکانەشدا "دامەزراوەی تەیار و پۆشتەکردنی کردنی هێزە نیزامییەکانی تورکیە" وجودی هەیە کە ۳۰ شەریکەی سەر بە ئەرتەشی لە خۆگرتووە. ئەم شەریکانە خاوەنی هەمان ماف و دەسەڵاتی تایبەتین کە "ئۆیاك" هەیەتی. ئەم دامەزراوەیە تەنیا لە بواری بەرهەمهێنانی چەکوچۆڵدا هەڵدەسورێ و ۲۰ هەزار کەسی بە کار خەریك کردووە. جگە لەمە دە هەزار کەسی دیکەشیان لە شەریکەکانی بەرهەمهێنەری پارچەکانی پێویست بۆ ئەم دامەزراوەیە دەکار وەرداوە.

لە سەتا هەشتای قازانجی ئەم شەریکە و کارخانە نیزامییانە دەچێتە ناو سندوقێکی پاشەکەوت کە بە پێی بەراورد دەیان میلیارد دۆلەری تێدا کەڵەکە کراوە. "تەها پارلە" لەم کارکردە وەك شێوەیەکی نالەبار و پرسیارئامێزی کەڵەکەبونی سەرمایەی نیزامی لە تورکیە ناو دەبات کە لە گەڵ شێوەکانی باوی بەشی تایبەتی ـ لە کۆمەڵگای مەدەنیدا ـ جیاوازی بنەڕەتی هەیە.

## ئەمر کە گەورەم !

ئەرتەش، سەرمایەی گەورە و بوروکراسی دەڵەتی لە هەموو روویەکەوە سێبەری پاراستن و پشتگیری یاسایی‌یان بە سەرەوەیە. جگە لە پاڵپشتیی یاسایی، فاکتۆرێکی دیکەش دەستی هەیە لە بردنە سەرەوەی هەرچی زیاتری دەسەڵاتی ئەم سێ کوچکەیە. ئەویش تیکچوونی بارتەقای هێزە سیاسییەکانی ناو تورکیە بە قازانجی بەرەی ناوبراو.

ئەویش  وەختێکە کە حیزبەکان لە ناوەندا لاواز دەبن و ئاستی بڕواپێکراوییان لە ناو خەلکدا دێتەخوار. ئەمە ڕاستییەکە کە پێشتر زۆر جاران دیتومانە. هەر ئەمەش وای کردووە کە حیزبەکان، پارلەمان، حکومەت و بلاوکراوە گشتییەکان لە ئاست پێخوستکردنی بە ئاشکرای ماف و یاساکان لە لایەن ئەرتەشەوە نقەیان نەیەت. بۆ نمونە ئەو کاتەی کە پاشاکان ئامادەنەبون رێکەوتنامەکانیان لە گەڵ ئیسرائیل دەربخەن، هیچ کامیان فزەیان نەکرد و کەسیش زمانی نەگەڕا کە بۆچی هێزەکانی ئەرتەشی تورکیە بە بێ ئاگادار کردنەوەی دەوڵەت  هێزی نیزامییان بۆ باکوری ئیراق  بە مەبەستی شەرکردن لە گەڵ "پ.کا.کا" کێشەوە کرد و سنوریان بەزاند و شەرێکی گەورەشیان لە دژی هێزەکانی ئەم حیزبە دەستپێکرد. ئەرتەش تەنانەت توانی ملهوڕانە بەری وەدواخستنی هەڵبژاردن بگرێ کە بە هەر حال زۆربەی ئەندام پارلمانەکان خوازیاری وەدواخستنی بوون. ئەرتەش هەروەها بووە لەمپەرێك لە دژی ئەو هەولانەی کە لە پێناو لەبردنی چەند بڕگەیەکی سزادان دەچوە پێش. ئەم بڕگانە مافە کۆمەلایەتی و تاکە کەسییەکانی خەلکیان لە بەرامبەر دەولەتدا پێشێل دەکرد. سەرەنجام ئەرتەش نەیهێشت لە سەر ئاکاری قێزەون و بێ شەرمانەی هێزە نیزامییەکان کە دەنگی دابووەوە، بە تایبەت لەو جینایەتانەی کە لە شەر لە دژی کوردان کرابوون، لێکۆلینەوە ئەنجام بدرێ.

لە تورکیەدا هەمیشە هەوڵدراوە ڕواڵەتی مەسەلەکان بپارێزرێ و خەلك و بیروڕای گشتی نەخرێنە ناو چەقی ڕووداوەکان. هەر بەم بۆنەوە زۆر جاران حوکمەکانی ئەرتەش بە ڕەنگاڵەی " ئامۆژگاری" و "بریا خوازی" ڕازێندراونەتەوە و لە زمانی ئەندامێکی بنکەی فەرماندەهی‌یەوە بەیان دەکرێ. لەوە ناچێ لە پشتی پەردەدا وا بجوڵێنەوە و خەبەرێك لەمجۆرە گوشارهێنانی نەرم و نیان و لەسەرەخۆیی و ئامراز و شێوەی بەیانێکی وەها وجودی هەبێ.

لە تورکیەدا و لە بەختی باشی ئەرتەشدا گیروگرفتی گەورە و نوێ سەری هەڵداوە و جێگەی ئەو "هەرەشانەی" گرتۆتەوە کەپێشتر بیانوویەك بوون بۆ سەلماندنی حەق بەدەست بوونی ئەرتەش و ئەو بیرۆکەی کە نەخشی بەبڕ بە ئەرتەش دەبەخشێ. ئێستا دڵەکوتێ و



تۆقان لە یەکیتی سۆڤیەت و کمونیزم جێگای خۆیان داوە بە تابۆی بنیادگەرایی ئیسلامی و جیایی‌خوازی کوردان. ژنراڵەکان ئەمجاریش بەم بیانووەوە بەرگی خۆڕاگرانی بەرحەق و خاوەن ئەزمونەکانی حکومەتی غەیرە دینی و پارێزەرانی یەکپارچەیی خاکی تورکیەیان دەبەری خۆیان کردووە١۴.

خەباتگێرانی (پ.ك.ك)ەش، ئەوەدەمی کە چەکدارانە کەوتنەخۆ بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی لە ڕۆژهەلاتی تورکیە و جگە لەوەش خۆیان بە مارکسیست ـ لنینیست ناساند، ڕێگەی ئەو بیانووانەی سەرەوەیان بۆ دەسەلاتخوازانی تورك خۆشکرد تا تئۆرییەکانی ئەرتەش و دەوڵەت بقەبڵێندرێ. بەلام هەر ئەو کاتەش کە "عبداللە ئۆجالان" دەستی لە ویستە بەرزەکانی خۆی هەڵگرت و زۆرجاران داوای دانوستان بۆ ڕێگە چارەسەری‌یەکی خودموختاری و فدراڵیانەی دەکرد، ئەوەدەمی کە تەنیا خوازیاری جێگیر بوونی دیمکراسی لە تورکیە و دابین کردنی مافە سەرەتاییەکانی کوردی دەکرد، ئەو دەمی کە زۆرجاران ئاگربەسی یەك لایەنەی ڕادەگەیاند، فەرماندە نیزامییەکانی تورك نەك هەر گوێیان پێ‌نەدا بەڵکو بەرئاوەژۆکارانە وەك فێڵ و تاکتیکێکی شەر ناویان دەبرد١۵... ڕوناکبیرانی تورك و کوردیش کە بۆ بەدیهێنانی لانی کەمی مافە فەرهەنگییەکانی کورد هەوڵیان ئەدا، بە تاوانی "جیاییخوازی" و هاوکاری کردن لە گەڵ پ.ك.ك خرانە بەر لێپرسینەوە و دادگایی کردن .

١۴ ـ ئەو گیروگرفتانەی نوسەر ناویان دەبات تازە نین، هەر لە کۆنیشەوە هەبون. دەسەلاتداریەتیی شۆڤینیستانەی تورکیە بە سیاسەتەکانی هەتا ئیستاکەی هەر ئالۆزتر و پڕ گێژەنتری کردوون. دەسەلاتی داپلۆسێنەرانەی  ژنراڵەکان تەنیا لە سەر شەر و خوێن و ئاژاوە ڕاوەستاوە. ئەوانە ژێرخانی کۆمەڵگایان وەها تێکداوە کەقەت لە بڕ و بیانوهینانەوە کەم ناهینن.(و.ك)

١۵ ـ بڕواننە Kendal Nezan: Appelle an Ankara sind nur fromme Wünsche لە "لۆمۆند دیپلۆماتیك مانگی مارسی ١٩٩٩و هەروەها MichelVerrir: Die Turkei macht den Kurden den Peoxess لە ژوئینی١٩٩٩.

بەمجۆرە شەڕێك كە لە ساڵی ١٩٨٤وە دەستپێكرد هەتا گرتنی عبدالله ئۆجالەن لە فوریەی ١٩٩٩درێژەی كێشا. ئاكارو كردەوەی جارز و قێزەون لە هەر دووك لا ـ كاولبوونی نزیكەی ٢٠٠٠گوندی كوردستان ـ دەربەڕاندن و هەڵوەدایی سەدان هەزار گوندنشینی كورد لە ماڵ و حاڵی خۆیان ـ گرتنی بە كۆمەڵ و ئەشكەنجە و داپڵۆساندن، كارنامەی ئەم شەڕەیە كە ١٥ ساڵی خایاند. هەروەها لەم ماوەیەدا ڕەشەكوژی و كوشتوبڕی كوێرانە لە لایەن باندە ترۆریستییەكانی سەر بە حكومەت بەڕێوە چوون. دواتر دەركەوت كە ئەم باندە ترۆریستیانە پێوەندی مافیاییی‌یان بە هێندێك دامەزراوەی "ئەمنیەتی"یەوە هەبوە و یارمەتییان پێگەیشتووە و پشتگیری كراون. لە هەر حاڵدا ئەم شەڕە بێ‌مانایە كە دیارە ڕێگای چارەسەركردنی مەسەلەی كورد نیە، بەرئەنجامێكی وێرانكارانەی هەبووە. ئەم شەڕە چەكدارانەیە نەك هەر بۆتە هۆی بەرتەسككردنەوەی مافە هاوولاتی و مەدەنیەكانی كۆمەڵگا بەڵكو وەدواخستنی ئابوریشی بەدواوە بووە. بە گوێرەی بەراورد ئەم شەرە پتر لە سەت و پەنجا میلیارد دۆلاری تێچووە. دیارە ئەمەش شوێنەواری گەلێك خراپی لە سەر ڕێگەی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی ئابوری ولات داناوە و ئاستی ژیانی خەڵكی هێناوەتەخوار. لە گەڵ ئەوانەشدا دژایەتی و ناكۆكیەكانی ناو كۆمەڵی ـ لە بری یەكیتی و یەكپارئەیی نەتەوەیی ـ قوڵتر كردۆتەوە.

مەسەلەی پ.ك.ك لە سەرێكیشەوە بە كێشەی نێوان ئەرتەش و ئیسلامییەكانەوە گرێ دراوەتەوە. ئەو دەمی كە كودتاچییەكانی ساڵی ١٩٨٠ سەركوت و داپڵۆساندنی چەپەكانی توركیە، لەوانەش چەپی كوردیان دەستپێكرد، هاوكات بۆشناخكردنی هێزە ئیسلامییەكانیان خستە بەرچاو تا لە دژی كمونیستەكان وەگەڕكەون. دەوڵەت هەر لەم پێوەندییەدا و هەر بەم ئامانجە ڕایگەیاند كە دەبێ"فێركراوەكانی ئایینی" لە ناو دەرسی خوێندنگاكانی سەرەتایێ و ناوەندیدا بگونجێندرێن و ڕێگای هەڵسوران بۆ حیزبی ڕفاە كرایەوە ، ئەمانە هەر ئەو كەسانەبوون كە دواتر و پاش هەڵبژاردنەكانیی١٩٩٤ و ١٩٩٥بە ناوی دوژمنانی سوێندخواردوی توركیە ناویان زڕاندن.



وێ دەچێ تێگەیشتن لەم كێشەیە كە خۆی لە خۆیدا دژ بە یەك و نارۆشنە ئاسان نەبێ. ئەم گێژەنە بەر لە هەر شت دەگەڕێتەوە بۆ لێكدانەوەی تێگەی "لائیسم" كە لە توركیەدا نەك بە مانای جیاكردنەوەی دین لە دەوڵەت بەڵكو بە مانای دەستەمۆكردن و تواندنەوەی دین لە ناو كۆمەڵگا لێكدەدرێتەوە. دینێك كە لە كاتی پێویستدا وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانجێكی سیاسی كەڵكی لێوەربگیردرێ.[١٦] ئێستا "دایرەی كاروباری ئائینی" واتە ئەوقاف كە پارەیەكی مۆڵی دەوڵەتییشی لەبەر دەستدایە، بەرپرسیارەتی بەریوەبردنی ٥٠٠ قوتابخانەی "ئیمامی خەتیب"ی لە ئەستۆیە. وا داندراوە كە ئەم خوێندنگا بەرز و غەیرە دەوڵەتییانە بە سەر كاروباری بارهێنان و پەروەردەكردنی مەلا و پیاوانی ئایینیدا بپەرژێ. بەلام بەكردەوە دەبیندرێ كە ئەم شوێنانە بونەتە جێگایەك بۆ پەروەردەكردنی سەدان هەزار كادێر كە دواتر لە دایرەكانی دەوڵەتی یان كەرتی تایبەتیدا پلەی گرینگی ئیداری وەردەگرن. ئیدارەی ئەوقاف بە پارەی دەڵەت ـ كە هەمان ماڵیات و سەرانەی خەڵكە ـ هەزاران مزگەوتی دروست كردووە تا لە درێژخایەندا ببنە هۆی پەرەگرتنی "ئیسلەمی بە دانستە". ئیسلامێك كە لە گەڵ بنەماكانی كەماڵیسم تەبایە. ئێستا ئیتر دەبێ سەركەوتنی ئەم پرۆژەیە جێگەی شك و گومان بێت. بەراستی جێگای پرسیارە كە بۆچی دەبێ جۆری دین و بڕوای ئاینی لە ناو پێناسەی خەلكدا بەیان بكرێ؟ ئەمەش لە حاڵێكدایە كە بە پیی یاسای بنەڕەتی " نابێ هیچ كەس ناچار بكردرێ بیروبۆچونی مەزهەبی خۆی دەربخات" داخوا لە توركیەدا بەوجۆرەی كە لایەنگرانی دەولەت ئیدعا دەكەن دین دەوڵەتی كراوە؟ یاخود قسەی نەیارەكانی دەولەت راستە كە دەلین " ئیسلامی كردنی دەوڵەت لە ڕۆژەو دایە؟ ئێستا حیزبێكی دیكە ـ پاش كودتای

١٦ ـ بڕوانە Umit Sakallioglu: Parametres and Strategies of eslam State Intreraction in Repoblican Turkey لە بلاوكراوەی Journal of Middle East Studies(Cambridge) ژمارەی ٢٨ ساڵی ١٩٩٦. نوسەر لەم كتێبەدا ئیشارە بەوە دەكات كە ئاتاتورك بۆخۆی پێشتر ئیسلامی كردە ئامرازێك بۆ بەرەو پێشبردنی "شەڕە نیشتمانییەكانی" و بە مەبەستی راكێشانی سەرۆكەكان، ڕێبەرانی ئائینی و جوتیارەكان جارێ جیهادی دا.

“لەغەیبەوە”ی ساڵی ١٩٩٧ لە سەر داروپەردوی حیزبی قەدەغەکراوی «رفاە» رۆنراوە. سکرتێری ئەم حیزبە کۆنەسیاسەتباز و کۆنە پارلمانتێرێکی تورکیەیە و تا ئێستا دووجار لە دوو هەواڵبەندی چەپ و راستدا بۆتە جێگری سەرۆك وەزیر. ناکرێ ئەم حیزبە نوێیە بە “بنیادگەرا” بقەبڵێندرێ. ئەوە راستە کە ئەم حیزبە مەیلی ئیسلامی هەیە، بەڵام هەر بەقەدەر مەسیحی بوونی دیمکرات مەسیحییەکانی ئوروپا. ئەمانیش هەر ئەوەندە ئیسلامین کە ئەوان مەسیحین. ئەم حیزبە هەر بەو جۆرەی کە دامەزرینەرەکەی رایگەیاندووە بە پێی “مودیل و نمونەی فەرانسەوی” هەم سیستمی کۆماری دەوێت، هەم ئەسڵی جیابونەوەی دین لە دەوڵەتیشی قبوڵ کردووە. هەم پلۆرالیزمی پێ چاکە، هەم رێز بۆ ماف و ئازادییەکانی تاکە کەس دادەنی[١٧] «فەزیلەت» ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە کە لە گوشار و گوڕمی داپلۆساندن و کوشتوبڕی دەیان ساڵەی چەپ پێکهاتووە[١٨] حیزبی ناوبراو بۆ راکێشانی "دۆڕاوەکان" یان لە ڕاستیدا قوربانییەکانی نەزمی ئێستا هەڵدەسوڕێ، کە بریتین لە کریکاران، چین و تویژی خوارەوەی کۆمەڵگا لە شار و دێهاتەکان و بەتایبەت لە گوند و شوێنە پەراوێزییەکانی وڵات، کە فەرهەنگی ئەنادۆڵی و ئیسلامی تایبەت بە خۆی تێدایە. بەمجۆرە حیزبی “فەزیلەت” قامکی بۆ شوێنێکی زۆر ناسك راداشتووە، بە تایبەت

١٧ ـ ئەمە لێکدانەوەیەکی ناراستە دەرحەق بە ئیسلامییەکانی تورکیە و لەوانە حیزبی “فەزیلەت”. بێ‌گومان ئەمانە ڕەنگە لە “بێدەسەڵاتیدا” خۆیان بەجۆرێکیتر بقەبڵێنن و دەم لە ئازادی تاکەکەسەوە بدەن و دروشمی درۆینەی "هەر کەس بە دینی خۆی" بەدەمەوە بگرن، بەڵام لە دەسەڵاتداریدا هەر بەوجۆرەی بە هەموو ڕەنگەکانیانەوە نیشانیان داوە گوێ بۆ هیچ ئازادییەکی تاکە کەس شل ناکەن و "اشدا علی الکفار" و بکوژە و ببڕە دەگرنە بەر. ئەمە نەك بۆ “سرشت”ی ئینسانەکان کە بۆ جەوهەری وشکارۆیی و سەربەردی ئیسلام دەگەرێتەوە کە تا دڵ بخوازێ مەیلی بەرەو دواوە هەیە و لە گەڵ هیچ ئایەرەیەکی ئەمرۆییدا ناکاڵێتەوە، جا چ بۆیەنباخی لە ملکردبێ ، یان سەر و پێچی بەستبێ. (و.ك)

١٨ ـ بڕواننە Wendy Kristiansen: Die doppelte Identitat der Turkei لە “لۆمۆند دیپلۆماتیك”ژمارەی مانگی فوریەی ١٩٩٩.



ئەگەر ئەوەشی پێ زیاد بکرێ کە جاروبارەش دەسەڵات و دەستێوەردانەکانی ئەرتەش ـ هەر چەند ناراستەوخۆ. دەخاتە بەر تەرشتەی پرسیار.. ئێستا بە رەسمی نکۆڵی کردنی پێناسەی نەتەوەیی و فەرهەنگیی کورد یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە تورکیە، هەر ئەمەش بۆتە خاڵێکی بەهێز بۆ حیزبی ناوبراو. ئەم دۆخە وای‌کردووە کە حیزبی فەزیلەت لە ناوچە کوردنشینەکاندا زۆرترین دەنگەکان بە دەست بهێنێ. چونکا حیزبی کوردی ناتوانی ئازادانە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکات. بەهەرحاڵ ئاشکرایە کە لە تورکیەدا ئەوجۆرەی کە نیزامییەکان ئیدعای دەکەن، گرێی سەرەکی لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت نیە.

ئێستا ئەرتەش دەڵی؛ هەرچەند حیزبی فەزیلەت لە ئاخرین هەڵبژاردنەکاندا دۆڕاوە و “پ.کا.کا”ش تێکشکاوە، بەڵام مەترسی ئەم دووانە بۆ تورکیە هەر لە گۆڕێدایە. بە سەرنجدان بەو راستییانەی لە سەرەوە باسمان کرد، بە ئاسانی قابلی دەرکە کە بۆچی ئەرتەش ئەو ئیدعایە دەکات.

ئێستا رادەگەیەندرێ کە مانەوەی ئەم هەرەشانە سەبەبن بۆ دیمکراتیزە نەبونی تورکیە. لەملاشەوە یەکیتی ئۆروپا لە چەندین ساڵ بەر لە ئێستا و بەتایبەت لە کونفرانسی “هیلسینکی”دا (دسامبری ١٩٩٩) بە جیدی خوازیاری دیمکراتیزە بونی کۆمەڵگای تورکیەیە. ئێستا تورکیە ناچار کراوە لە ماوەی پێنج سالی داهاتودا هەلومەرجێك بخولقێنێ کە بە “پێش مەرجەکانی کۆپنهاگ” ناوی دەرکردووە. تەنیا پاش گرتنەبەری ئەم پرۆسەیە کە وتوویژ لە گەڵ تورکیە بۆ ئەندامەتی لە یەکیتی ئوروپا دەست پێدەکردرێ.[١٩] زۆر ئاشکرایە تەنانەت ئەگەر ئانکارا بە جیدیش بنوارێتە ئەم مەرجانە، رەچاوکردن و بەڕێوە بردنەکەی ئاسان نیە. چونکا تەنیا کاتێك بەرگی کردەوە بە بەری ئەم ریفۆرمانەدا دەکردرێ کە سیستمی داخراو و رەگ‌ئاژۆی تورکیە ژێر و ژوور بکرێ.

١٩ ـ بڕواننە Niels Kadritz: Griechen und Turken entdecken die Vorteile guter Nachbarschaft. لە “لۆمۆند دیپلۆماتیك” ژمارەی ژوئینی ٢٠٠٠.